کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 19:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لۆرییە کۆمەڵکوژییەکەی حەمباڵانی کەرکوک ... کارزان گلی

ئەوەی لەنزیکەوە سەردانی شاری کەرکوك نەکات نازانێت، خەڵکی ئەو شارە چەندە بێزارن لەژیانی خۆیان، لەلایەك ژیان لەناو خێوەتگایەك، لەلایەك ژیان لەناو تیرۆر و لەلایەك خەڵکی لەچاوەڕوانی بڕگەی 140دا ماندووبونێك و بێزارییەکی زۆریان پێوەی دیارە. ژیان لەو شارەدا وەکو ئەوە وایە لەمەنفادا بژیت، لەشوێنێك لەکوشتن و بڕین و دزین و ڕفاندنی خەڵکی و بەڕەڵلاکردنیان بەپارەیەکی زۆر هیچپیتری لێنییە، کۆبوونەوەی خەڵکی موسڵمان لەڕۆژانی هەینی لەمزگەوتەکاندا ڕۆژبەڕۆژ لەکەمبوونەوەدایە و خەڵکی لەترسی خۆتەقاندنەوەی تیرۆرست ڕێگە بەخۆیان نادەن لەماڵی



خوا تاعەت بکەن، منداڵان تالە قوتابخانە دێنەوە دایك و باوکانیان دەستیان لەسەر دڵیانە تاڕۆڵەکەیان بەسەلامەتی دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تریش هەندێك خێزان نایەڵن هیچپتر منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە، نەخاسمە تەقینەوەکەی ئەم دواییەی ڕەحیماوە کەزۆربەی بریندار و شەهیدەکان منداڵ بوون. ئەم کێشانە و چەندان کێشەی تر ڕوبەڕووی خەڵکی ئەو شارە دەبێتەوە و ڕێگەچارەش تەنها چاوەڕوانیکردنی بڕگەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراقە. تەقینەوەکەی ئەم دواییەی ڕەحیماوە تراژیدیایەکی بێوێنە بوو بەلای خەڵکی ئەو شارەوە، ئاخر ناحەقیان نییە، چونکە منداڵ پەپولەیەکە ئازار بەکەس ناگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر ئازاریشی پێبگەیەنێت دەسەڵاتی نییە ڕووبەڕووت ببێتەوە، ئاخر منداڵانی کەرکوك بێنازترین منداڵی جیهانن چییان بینیوە لەناخۆشی زیاتر، ژیان لەشارێك کەوا تەنها بەناو شارە و لەگوند دەچێت، شارێك باخچەیەکی ساوایانی بۆ منداڵ تێدا بەدی ناکرێت، باوکان و دایکان ڕۆژانە ڕێنمایی منداڵەکانیان دەکەن بەوەی لەقوتابخانە ئاگاداری خۆیان بن نەیانڕفێنن. منداڵانی کەرکوك زۆر جیاوازن لەگەڵ منداڵانی تری جیهان، ئەوان ڕینمایی دەکرێن بۆ ئەوەی فێری تەکنەلۆژیای سەردەم و یاری کردن لەباخچەی ساوایان بن، منداڵانی کەرکوکیش لەناو خیوەتگادا یاری دەکەن و فێردەکرێن کەوا لەگەڵ تەقینەوەی ڕۆژانە خۆیان لێڕابهێنن و نەترسن، ئەوان پۆشاکی جوان لەبەر دەکەن و ڕۆژانە خەریکی یاری کردن و سەیرانن، منداڵانی کەرکوکیش بەپۆشاکە دڕاوەکانیان دەناسرێنەوە، منداڵانی ئەوان شەوانە یاری پلەی ستەیشن بەکۆمپیتەرەکانیان دەکەن تا بێزار دەبن و پاشانیش دەچنە ژوورەکانیان خەوێکی خۆش بۆ ئایندە دەبینن، منداڵانی کەرکوکیش لەژێر خێوەت و سەرمای زستان و گەرمای هاوین ڕۆژ دەکەنەوە و هیچ شتێکیان بۆ ئایندە نییە تا خەوی پێوە ببینن، منداڵانی کەرکوك ئەوەی نەیاندیبوو خۆتەقاندنەوەی کەسێکی ڕووڕەش بوو بەناویاندا و شەهیدیانی کرد، کەچی ئەویشیان بینی. بەڕاستی تیرۆرستێکی بەغیرەت بوو و دڵێکی ڕەقی هەبوو، کە توانی ئەو هەموو منداڵە شەهید بکات، ئەبێ چ خوایەك بێت پاداشتی کەسێك بەبەهەشت بداتەوە، کە دەستی لەکوشتنی منداڵان هەبێت، ئەبێت چی ئاینێك بێت، ڕێگە بدات کە کوشتنی پەپولە حەڵاڵە، چونکە هیچ نازانێت تەنها دەزانێت داوای جوانی بکات، ئەوانیش لەبڕی ئەوەی پێی ببەخشین دەیانکوژن. موبارەك کە کوڕێکی گەنجە بەم جۆرە باس لەتەقینەوەکەی ئەم دواییەی ڕەحیماوە دەکات و دەڵێت: ئێمە هەموو دانیشتبووین لەچایخانە لۆرییەك هات پڕی ئارد بوو داوای حەمباڵی کرد و نزیکەی 6 کەسی وەکو حەمباڵ لەگەڵ خۆیدا سواری لۆرییەکە کرد، تەنها بۆ ئەوەی کەس شکی لێنەکات، کە تیئێنتی لەناو لۆریەکەدا هەیە، کەچی لەپڕێکدا لۆرییەکە تەقییەوە و حەمباڵەکانیش شەهید بوون، ئەگەرچی ئەوا بێتاوان بوون نەیانزانی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تیرۆرستە ڕووڕەشە تیئێنتی لەناو لۆرییەکاندا داناوە، موبارەك لەدرێژەی قسەکانیدا دەیگوت ئەو ڕۆژە بەلامەوە زۆر ناخۆش بوو تا یەك هەفتە گریانم ڕاوەنەدەستا، چونکە ئەو دایکانەی منداڵەکانیان بەر تەقینەوەکە کەوتبوو بەشێوەیەکی زۆر حەزیناوی دەهاتنە بەرچاوم، بەتایبەت ئەو ئافرەتەی منداڵەکەی دیار نەبوو و هاواری دەکرد (ئەی هاوار کوا منداڵەکەم، تخوا بۆم بدۆزنەوە تەنها ئەو کوڕەم هەیە) ئێستاش کاتێك وێنەی ئەو دایکەم دێتەوە بەرچاو سەرسام دەبم و دەگریم.

من بۆخۆم زۆر جار سەردانی ئەو شارە دەکەم، چونکە خۆم لەوێ لەدایك بووم و خەڵکی ئەو شارەم و بۆیە حەز دەکەن بەردەوام سەردانی بکەم، بەڵام هەرکاتێك گەڕابێتمەوە بابەتێکم لەسەر کەرکوك نووسیوە، چونکە ناتوانم لەئاست ئەو دیمەنانەی کەرکوك بوەستم و نەیەمە گۆ، ناتوانم شارەکەم بەم شێوەیە ببینم و فرمێسکی بۆ نەڕێژم، هەر کاتێك دەچمە کەرکوك خۆم بەشەرمەزار دەزانم بەرامبەر یادگارییەکانی منداڵیم لەو شارەدا، چونکە لەدوای ئازادی عیراقەوە نەمتوانیوە گوڵێك لەشارەکەمدا بچێنم، نەمتوانیوە لەگەڵ خۆشییەکانی هاوشارەکەمدا بم، چونکە قەدەری ئەو شارە دوورە لەهەموو خۆشییەك، ئەگەرچی من لەتەمەنی 8 ساڵیوەش ڕژێم ماڵی پێچوڵ کردین و بەرەو هەولێری دایکی هەژارانی گواستینەوە، بەڵام هەر دڵەکەم بۆی دەسوتێت، کاتێك بەم جۆرە دەیبینم بەدەست خۆم نییە قەڵەمەکەم هانم دەدات دڵنەوایی شارەکەم بەچەند وشەیەك بدەمەوە. کەرکوك لەگەڵ ئەو کارە توند و تیژیەی تیرۆرستان بەرامبەری دەکەن، کەچی خەڵکی ئەو شارە هەمیشە لەچاوەڕوانی دەسەڵاتی کوردین بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، چونکە بەبۆچوونی خەڵکی کەرکوك زۆر لەڕۆشنبیر توێژە سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کۆتایی هێنانی توند و تیژی لەو شارەدا تەنها جێبەجێکردنی بڕگەی 140ە.

karzan_ma82@yahoo. cpm

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.